زنجیره ڕێنماییەکانی دێرین   ژمارە ٨٦

ژمارەی مۆڵەت ١

کۆمەڵێك ئادابی شەرعی

ئادابی دەیەم

ئادابەکانی دانیشتن



نوسین و ئامادەکردنی

م. هەڵگۆرد مصطفی گەلاڵەیی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى صحبة ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين وبعد

ئادابەکانی دانیشتن

١) سەلام کردن پێش دانیشتن : پێغەمبەری خوا ﷺ فە رموویەتی : (إذا انتهى أحدكم إلى مجلس فليسلم) حسن ، مشكاة المصابيح : ٤٦٦٠.

واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە گەیشت بە شوێنی دانیشتن با سەلام بکات .

٢) دانیشتن لەو شوێنەی کۆتایەمینی شوێنی دانیشتوانە : جابری کوڕی سەمورە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی : ئێمە ئەگەر هاتباینە لای پێغەمبەری خوا ﷺ لەم شوێنە دادەنیشتین کە کۆتایەمین شوینی دانیشتوان بوو . الصحيحه : ٣٣٠.

٣) نابێت هیچ کەسێك لە شوێنی خۆی هەڵبستێنی وپاشان لە شوێنی دابنیشی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (لا يقيمن أحدكم رجلا من مجلسه ثم يجلس فيه) متفق عليه .

واتە : هیچ یەکێکتان نەکەن براکەی لە شوێنی دانیشتنی هەڵبستێنێت و پاشان لە شوێنی دابنیشێت .

٤) فراوان کردنی شوێنی دانیشتن بۆ ئەو کەسەی دێت دابنیشت : خوای گەورە فەرموویەتی : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُوا فِي الْمَجَالِسِ فَافْسَحُوا يَفْسَحِ اللَّهُ لَكُمْ ۖ وَإِذَا قِيلَ انْشُزُوا فَانْشُزُوا ..) . المجادلة : ١١.

واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر پێتان وترا ئەڵقەی دانیشتنەکەتان فراوان بکەن ئەوە فراوانی بکەن لە پاداشتدا خوای گە ورە ڕەحمتان پێ دەکات و پاداشتی ئەو

کاره تان دەداتەوە ئەگەر پێتان وترا هەستن جێگە چۆڵ بکەن بۆ پیاو ماقوڵ و کە سانی ریش سپی و بەتەمەن ئەوە هەڵبستن و گوێڕایەڵ بن .

٥) دانەنیشتن لەنێوان دووکەس بەبێ ئیزنیان: پیغەمبەری ﷺ فەرموویەتی: (لَا يَحِلُّ لِرَجُلٍ أَنْ يُفَرِّقَ بَيْنَ اثْنَيْنِ إِلَّا بِإِذْنِهِمَا) . حسن صحيح، المشكاة: ٧٤٠٣.

واتە: حەڵاڵ نیە بۆ هیچ پیاوێك نێوان دوو کە س لێك جیا بکاتەوە ئیلا بە ئیزنیان نەبێت .

٦) ئەگەر کەسێك لە شوێنی دانیشتنی هەستا پاشان گەڕایەوە ئەو ئەولاترە لەم شوێنە دابنیشێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (إذا قام الرجل من مجلسه ثم رجع إليه فهو أحق به) رواه مسلم: ٢١٧٩.

واتە: ئەگەر یەکێك لە شوێنی دانیشتنی هەستا پاشان گەڕایەوە بۆی ئەو ئەولاترە لەم شوێنە دابنیێشێت لە کەسێکی تر .

٧) ئەگەر سێ کەس بوون نابێت دووانیان بەچپە چپ لەبن گوێی یەکتر قسە بکەن بێ ئەوەی کەسی سێیەمیان بزانێت باسی چی دەکەن : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إذا كانوا ثلاثة فلا يتناج اثنان دون الثالث) . صحيح الجامع : ٧٧٢ .

واتە: ئەگەر (٣) سێ نەفەر بوون با دوو کەستان بە نهێنی و چپە چپ قسە نەکەن بەبێ کەسی سێیەمیان . - بۆ ئەوەی خەفەت نەخوات ، تەنها لەو کاتە دروستە کە زیاتر لە سێ نەفەرن و لەناو کۆمەڵێك خەڵکن - .

٨) لە کاتی دانیشتندا نابێت پانی دەستی چەپت ببەیتە دواوەو پاشان خۆتی بدەیتە سەر : چونکە ئەم جۆرە دانیشتە لە دانیشتنی جولەکەکانەو دروست نیە .

٩) سوننەت وایە لە شوێنی دانیشتندا زیکری خوای گەورە بکرێت و سەلەوات بدرێت لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر یەك جاریش بێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هیچ کەسانێك نین لەشوێنێك دابنیشن و زیکری خوای تیا نەکەن ، وە سەلەوات لەسەر پێغەمبەرەکەیان ﷺ نەدەن ئیلا دەبێتە مایەی پەشیمانی بۆیان لەڕۆژی دواییدا ، ئەگەر خوای پەروەردگار ویستی لێبێت سزایان دەدات بەهۆی ئەو گوناهانەی کردوویانە , وە یان لێیان خۆش دەبێت . صحيح الجامع : ٢٧٣٨.

١٠) زیکری پێش هەستان و ڕۆیشتن لەشوێنی دانیشتن کە پێی دەڵێن زیکری کەفارەتی مەجلیس : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : هەرکەسێك لەشوێنێك دانیشت و قسەی هەڵەی تیاکرد پێش ئەوەی هەڵبستێت بڵێت : (سبحانك اللهم ربنا و بحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك و أتوب إليك) . صحيح الجامع : ٦١٩٢ .

ئەگەر ئەم زیکرە بڵێت گشت ئەو گوناهانەی ڕەش دەبێتەوە کە لەم مەجلیسەدا ئەنجامی داوە .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى اله وصحبه وسلم

٢٥ / محرم / ١٤٣٨ هـ — ٢٦/١٠/ ٢٠١٦ م

لە بڵاوکراوە خێریەکانی پەرتوکخانەی دێرین — سۆران

پەرتوکخانەی
٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠
دێرین